# هەواڵ

## خراپی ڕێگەوبان کارەساتی لێدەکەوێتەوە

لەئاکامی خراپی ڕێگەی نێوان چنارۆک - کۆیەرۆژی ١٨-٣-٢٠٠٧ لۆریەک وەرگەڕا ، هەرهەمان ڕۆژ تانگەرێک لەسەر ڕێگەی بێستانە- هەولێر سوری خوارد بەوە هۆیەوە ڕێگەکە لەکاتژمێر ٩ تا ٢١ داخراو هاتووچوون بەزەحمەت کەوت.
شۆفێرانی ڕێگەکە گلەیی لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن کەخەمی ڕێگەوبان ناخۆن و باکیان بەگیانی وڵاتیان نیە، تەواوی ئەو پڕۆژانەی کەبەناوی چاککردنی ڕێگەوبانەوە ئەنجام دەدرێن، بەنیوەچڵی دەمێننەوە،

## کفری: دوو کورد تیرۆر دەکرێن

ڕۆژی ١٩-٣-٢٠٠٧ دوو کەس بەناوەکانی (چیا ئەحمەد و ئەحمەد محەمەد) دانیشتووی شارۆچکەی کفری لەسەر ڕێگەی نێوان عوزێم- کەرکوک لە لایەن گروپێکی تیرۆریستییەوە تیرۆر دەکرێن.
بەگوێرەی زانیاریەکان تیرۆریستەکان ئەو کوردانەیان گرتووەو دەستبەجێ کوشتویانن.
ئەوەی شیاوی باسە ماوەیەکە گروپە تیرۆریستیەکان زۆر بەتووندی شەڕی کورد کوشتنیان دەستپێکردووە، بەو هۆیەوە سەدان کەس تیرۆرکراون، ڕفێندراون و پارەیان لێسەندراوە، ئاوارەکراون و هەڕەشەی مەرگیان لێکراوە.

## ڕانیە: کێبڵی کارەبا دەدزرێ

ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/١٨ چل و دوو مەتر کێبڵی کارەبای نەمامگەی ڕانیە لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە دیار نامێنێ.
ئەوەی شیاوی باسە ئەم کێبڵە بۆ گەیاندنی کارەبا بۆ نەمامگە بەکار دەهات، بۆ ئاشکرابوونی ئەنجامدەرەکەو سەپاندنی سزای یاسایی بەسەریدا دەزگای پۆلیسی لێ ئاگادار کراوەتەوە .

## کچێک دەسووتێ

ڕۆژی ٣/١٥ لەناحیەی سەرکەپکانی دەڤەری ڕانیە(کەوسەر محەمەد) لەبەرئەوەی لەسەر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی باوکی بەتووڕەیی قسەی لەگەڵدا کردبوو، هەوڵی خۆی کوشتن دەدات.
بەگوێرەی زانیاریەکان ناوبراو دەچێتە گەرماوی ماڵەوە، نەوت بەجەستەی خۆی دادەکات و ئاگر لەخۆی بەردەدات، بەڕێژەی ٧٠% دەسووتێ، هەرچەندە هەوڵی ڕزگارکردنی دەدرێ، بەڵام بەداخەوە گیان لەدەست دەدات .

## بەهۆی خراپی ڕێگەوە خوێندکاران واز لەفێرگە دێنن

دوای ئەوەی چەندین جار فێرخوازانی سنوری پەروەردەی چۆمان، سەرووی خۆیان لەناخۆشی ڕێگاو بان، دووری و سەرماو سۆڵەی زستان ئاگادار کردەوە و ئاوڕیان لێنەدرایەوە، فێرخوازانی گوندەکانی ڕایات و بندایزان لەدەڤەری باڵەکایەتی لەچارەسەرکردنی کێشەکانیان هیوابڕ دەبن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاکامی خوێندن و نمرەیان دادەنێ، ئێستا زۆربەیان دەیانەوێ واز لەخوێندن بێنن. ئەوان لەو پێوەندیەدا حکومەتی هەرێم بەکەمتەرخەم دەزانن و گلەیی لێدەکەن و دەخوازن کەحکومەت ئاوڕ لەکێشەکانیان بداتەوەو ئاسانکاریان بۆ بکات تا بتوانن درێژە بەخوێندن بدەن .

## دوو منداڵ بەکارەساتی ئۆتۆمبێل گیان لەدەستدەدەن

ڕۆژی ٣/١٦ لەچوارقوڕنە دوو منداڵی خێزانێک بەناوەکانی حەمەئەمین محەمەد و حسێن ئەمین محەمەد وەژێر تایەی ئۆتۆمبیلێکی بار هەڵگر دەکەون و گیان لەدەستدەدەن. شۆفێرەکە ڕادەکات و خۆی ڕادەستی پۆلیس ناکات و پەنا بۆ کەسێکی ناسراوی دەڤەرەکە دەبات و دەخوازێ لەڕێگەی بنەماڵییەوە ئاشتەواییان بۆ بکرێ و ئاشت بکرێنەوە.

## کچێک دەسوتێ

ڕۆژی ٣/٢١ کچێکی تەمەن ٢٤ ساڵ بەناوی (شیلان ئەحمەد) ،دانیشتووی گەڕەکی ئازادی شاری سلێمانی، بەهۆی کارەساتی تەقینەوەی پەرەمێز لە گەرماوی ماڵەکەیاندا گیان لەدەستدەدا.

## چەند دزێک دەستگیر دەکرێن

ڕۆژی ١٩-٣-٢٠٠٧ باندێکی سەیارەدزین کەلەدوو کەسی دانیشتووی شارۆچکەی کەلار پێکهاتبوون، لەلایەن ئاسایشی کفرییەوە دەستگیرکران.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو دوو کەسە ئەندامی باندێکن کەئۆتۆمۆبیل دەدزن ، هەندێ دەستکاری تێدا دەکەن و دەیانفرۆشنەوە.
ئەوەی شیاوی باسەماوەیەکەدزین و تاڵانکردن لەشارەکانی کوردستان دەستی پێکردۆتەوە، هەندێک لەشارەزایان هۆکاری سەرهەڵدانەوەی دزیکردن بۆ گرانی بازاڕ و سەختی بژێوی ڕۆژانەدەگێڕنەوە، هەندێکی دیکەحکومەت بەبەرپرسیار دەزانن کەجیاکاری ئاشکرا لەنێوان خەڵکدا دەکات و ناتوانێ ژیانێکی ئاسوودەبۆ دانیشتووان دەستەبەر بکات .

# حکومەتی هەرێم سەد هەزار دۆلار بۆ ڤێستڤاڵی بەرلین تەرخان دەکات




سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بەپێگەی ئاڤێستا کوردی ڕاگەیاندووە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان گوژمەی سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆ بەڕێوەبردنی ڤێستیڤاڵی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی تەرخان کردووە کەبڕیاروایە ئەمساڵ لەبەرلین بەڕێوەبچێ.
لەپێوەندی سەدو نۆیەمین ساڵیادی وەشانی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان کە لەشاری قاهیرەی وڵاتی میسر لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانیەکانەوە (مەدحەت بەدرخان) بڵاوکرابۆوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نووسەرانی هەندەران بڕیاری داوە بەگوژمەی سەد هەزار دۆلار ڤێستڤاڵێکی بەرفراوان بەڕێوەببات.
وەک زانراوە دامەزراوەی هاڤیبوون بەهاوکاری ( نێلک NELK ) دەزگەی نوێی ئینگلیزی لیتراتۆر و کولتور ئەو فێستڤاڵە ساز دەکات، وا پێشبینی دەکرێ کەژمارەیەک پسپۆڕ بەشداری تێدا بکەن.
بەگوێرەی زانیاریەکان ڤێستیڤاڵەکە لەڕۆژانی ٢٠ تا ٢٢-٤-٢٠٠٧ لەشاری بەرلین پێکدێ و خاتوو ( سینەم بەدرخان) کچی جەلادەت بەدرخان ئامادە دەبێ و ڤێستیڤاڵەکە دەکاتەوە.
وەک چاوەڕوان دەکرا ئەو ڤێستیڤاڵە لەهەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێ، هەریەکە لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسان و یەکێتی نووسەرانی کوردستان سەرپەرشتی بکەن ، بەڵام لەهەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراوو بەبێ پرس و ڕاوێژی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و یەکێتی نووسەران ڤێستیڤاڵەکە بۆ بەرلین گوازرایەوە، تا ئێستا ئامانجی حکومەتی هەرێم لەبەڕێوەبردنی ڤێستیڤاڵەکە لەئەوروپا و تەرخانکردنی سەد هەزار دۆلار ئاشکرا نەکراوە!!

## دوای دوو ساڵ لەدەستگیرانەکەی پەشیمان دەبێتەوە

بەگوێرەی هەواڵ: وڵاتیەکی خەڵکی پیرمام بەناوی (س.خ) کە حەوت ساڵە لەدەرەوەی وڵات دەژی، دوو ساڵ لەمەوبەر کەس و کارەکەی لەڕێگای ئاڵوگۆڕکردنی وێنە کچێکیان لەشەقڵاوە بۆ دەستنیشان کردبوو، لەبری ئەو مەراسیمی شەکراو خواردنەوەی بۆ ئەنجام دەدەن و بەوەکالەت مارەی دەبڕن، بەڵام ئەمە دوو ساڵە بەبیانوی جۆراوجۆرەوە پارێزی لەبردنی دەستگیرانەکەی کردووە، دوای تەشەنەکردن و سەرهەڵدانی ناکۆکی و ناخۆشی لەنێوان هەردوو لادا ئێستا کوڕەکە ئاگادار کراوەتەوەیان وازی لێبهێنێ یان بگەڕێتەوەو بیبات، کەچی کوڕەکە پەشیمان بۆتەوەو ئامادەنیە بێتەوەو لەگەڵ خۆیدا بیبات، بەمەش کێشەو ناکۆکی گەورەتر بۆتەوە.



## هەواڵی ناوادەی جیهانی



### چونکە دەستگیرانەکەی ماچ دەکات، دوو مانگ زیندانی دەکرێ

دادگەی کەتنی گەورەی ئوردەن سزای دوو مانگ زیندانیکردنی بەسەر لاوێک دا سەپاند چونکە لەشوێنێکی گشتیدا دەستگیرانەکەی خۆی ماچ کردبوو.
لاوەکە سکاڵای خۆی بردە بەردەم دادگەی تێهەڵچوونەوە، کەچی ئەویش سزاکەی سەر ڕاست کردەوە، بەو هۆیەوە ئەو لاوە ئوردەنیە لەسەر ماچێک دەبێ دوو مانگ بچێتە زیندان!!

### یەمەنیەک پێچەوانە هەڵدەکەوێ

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کەمرۆڤێکی یەمەنی تەواوی ئەندامەکانی ناوەوەی لەشی پێچەوانە هەڵکەوتووەو زۆر بەئاساییش دەژی و هیچ گرفتێکی نیە.
عەبدولفەتاح زوبێری، تەمەن ٥٦ ساڵ، خەڵکی وڵاتی یەمەن، تەواوی ئەو ئەندامانەی لەمرۆڤی ئاسایی لەچەپ هەن، هی ئەو لەراستە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کابرایە دوای ئەو هەموو تەمەنە تازە چۆتە لای پزیشک و دەرکەوتووە کە دڵ، گەدەو پەنکریاسی لەلای راستەدا هەڵکەوتووە، هەروەها گورچیلە و ریخۆڵەو ئەوانەی دیکەی لەلای چەپە هەڵکەوتوون، لەوانەیە ئەمە نموونەیەکی ناوادەی مرۆڤ بێ کەتەواوی ئەندامەکانی ناوەوەی پێچەوانە هەڵکەوتووە!!

### کەلەشێر یان سمۆرەیەکی سەیر!



لەم دواییانەدا وێنەی کەلەشێرێکی تایبەت لەماڵپەڕەکاندا بڵاوکرایەوە کەگوایە ساڵی ٢٠٠٥ ئەم زیندەوەرە هاتۆتە ژیانەوە. پۆپەی لەکەلەشێر دەچێ، دەنا لەشولاری زیاتر لەسمۆرە دەچێ. هەرچەندە تا ئێستا خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ هۆکاری هاتنەژیانی ئەو زیندەورە نەکراوە، بەڵام لەوانەیە لەئاکامی تێکەڵاوی جینی نێوان ئاژەڵ و پەلەوەر دروست بێ !!

**ئامادەکردنی : لەیلا - سوید**

## کرێچیەکانی شاوەیس لە دابەشکردنی زەوی گلەیی دەکەن

دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم بڕیاری دابوو بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەرێک بدۆزێتەوەوە، زەوی بەسەر کرێچیەکان دابەش بکات. ئەوەی جێگەی باسە دوو ساڵە ئەم کرێچیانە لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەن کە ناویان لەلیستەکە نوسرابوو، بەڵێنیان پێدرابوو، کەچی لەسەرەتای ئەم مانگە لە کۆمەڵگەی بەستۆڕەو باسرمەو هەریر زەوی دابەشکرا، لە ڕۆژی ٣/٥ لیستی دابەشکردنی زەوی کۆمەڵگەی شاوەیس گەڕایەوە ئەوەی بووە جێگای نیگەرانی و ناڕەزایی کرێچیەکان. زۆربەی ناوەکانی لیستەکە نەگەڕابۆوە، ئەمەیان بەناعەدالەتی لەقەڵەمدا چونکە ئەوانەی زەوییان وەرگرتووە خەڵکی هەژارو کرێچی نین، بەڵکو بەواستەو کاریگەری حزبایەتی بووە هەر بۆیە کرێچیەکان بەنیازن هەڵوێست وەربگرن و ناڕەزایی خۆیان بەلایەنە پەیوەندیدارەکان بگەیەنن.

## هەڕەشە لەکوردێک دەکرێ

بەگوێرەی هەواڵ: بەهۆی هەڕەشەی باندێکی تیرۆرستی بەناوی جیهاد لەئەسعەد محەمەد شەرەفانی کەلەدهۆک کارگوزارەو نیشتەجێی گەڕەکی ڕەشیدیەی شاری موسڵە ناچار دەبێ ماڵەکەی بۆ دهۆک بگوازێتەوە.
بەگوێرەی هەواڵ ڕۆژی ١٩-٣-٢٠٠٧ ئەو باندە بەنامەیەک ماڵی خەزورەکەی ئاگادار دەکەنەوەو هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن، ئەویش فەرمانەکەیان جێبەجێ دەکات و ماڵەکەی خۆی دەگوزێتەوە.
بەگوێرەی زانیاریەکان جگە لەگواستنەوەی ماڵەکەی داوای لێکراوە کەدەبێ حەوت ملیۆن دیناریشیان پێبدات!! ئەمە درێژەی ئەو پڕۆسەیەکە بەمەبەستی زیاتر بەعەرەبکردنی شاری موسڵ هەڵدەگێرێتەوە، گروپە توندڕۆکان دەیانەوێ کورد شارەکە چۆڵ بکات.

# هەواڵی سەیر

* ڕۆژی ٣/١٧ تیرۆرستان بەجل و بەرگی پۆلیسی و بەچەند ئۆتۆمبیلێکەوە شەقامێک لەگەڕەکی پیشەسازی کەرکوک کۆنترۆڵ دەکەن و (وەلید)ی برای سەباح بۆڵ بەرین لەبەردەم دوکانەکەی خۆی گوللەباران دەکەن و تەقەی دیکەش لەخەڵک دەکەن و پیاوێکی پاسەوان بەناوی عبدالقادریش دەکوژرێ.. ئەم ڕووداوەبۆیەڕوویداوە چونکەهەفتەیەک لەمەوبەر کوڕێکی(سەباح بۆڵ بەرین) یان بردبوو دواتر بەدەفتەر دۆلار ئازادیان کردبوو، ئەو کوڕەش هەڕەشەی کردبوو کەئەیانناسێ و خۆی تۆڵەیان لێ دەکاتەوە، ئەوانیش نامەیەکیان بۆ ناردبوو، ئەمیش نامەکەی خستبووەژێر پێڵاوەکەیەوە.
شایانی باسە تیرۆرستان لەو شوێنانەی کەرکوک زۆربوونەو ڕەوشی شارەکەش ئاڵۆزبووەو خەڵکیش هەستی کردووەکەکێ لەپشت ئەو ڕەوشەوەدایە .
* ڕۆژی ٣/١٨ لەگەڕەکی (قادسیە)ی شاری کەرکوک بۆمبێک بەدەرگەی ماڵێکی کوردەوەکەناوی (ه.ا)بەسترابۆوە، هەتا لەکاتی کردنەوەیدا بتەقێتەوە، بەڵام ناسیاوێک سەردانیان دەکات و بۆمبەکەدەبینێ ، بەتەلەفۆن ئاگاداریان دەکات کەدەرگەنەکەنەوە، ئەوانیش لەسەر بان دەچنەماڵی دراوسێیەکیان و دەربازیان دەبێ ، ئەوسا شارەزایان دێن و پووچەڵی دەکەنەوە، شایانی باسەئەم ماڵەش لە(دوز)ەوە بۆ کەرکوک هاتوون، گوایە ل ەترسان باریانکردووەکەچی لەوێش پارێزراو نین .
* کاتژمێر ٤،٣ی ڕۆژی ٣/١٧لەناو جەرگەی بازاڕی چەمچەماڵ پیاوێک ژنەکەی خۆی دەداتەبەر شەق و دەم وچاوی دەشکێنێ ، خەڵکی بەزۆر ژنەکەیان لەژێر دەستی دەرهێنابوو . پیاوەکەهاواری دەکرد و دەیگوت :( وازم لێ بێنن ئەمە حەیایی منی بردووە و بەقسەم ناکات ) خەڵکەهەوڵیان لەگەڵ دەدا ، کەچی ئەو وازی نەدەهێنا ، بەڵام کاتێ گوتیان پۆلیس هات بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕایکرد کەهەر نەدۆزرایەوە!!
* ڕۆژی ٣/١٩ ئەندازیارێکی دەستڕۆیشتووی پارساڵ و لێ کەوتووی ئەم ساڵ لەکۆمپانیای دابەشکردنی بەروبومەنەوتییەکانی کەرکوک، بۆ دادگەبانگ دەکرێ کەگوایەمانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو شۆفێری دوو تانکەر کە لەسەر دزی گیرابوون بەنوسراوی ئەم ئازاد کرابوون، ئەمیش لەدادگە دەڵێ : من لەسەر داواو فەرمانی جەنابی پارێزگای کەرکوک نوسراوم بۆیان کردبووە، سەیر لەوەدایەپار کەتنەکەکراوەکەچی ئەمساڵ لێی دەکۆڵنەوە!!
* ڕۆژی ٣/١٥ نەقیبێک بەئۆتۆمبیلێکی تایبەتییەوە بەشێوەی لاکوت خۆی دەکات بەبەنزینخانەی شۆڕیجە، پۆلیسێکی دەستڕۆ کەلەوەدەچێ پێشتر ڕقێک هەبووبێ لەنێوانیان، نایەڵێ بەنزین وەرگرێ و دەبێتە دەمەقاڵێیان دوای نەقیبەکە بەپۆلیسەکە دەڵێ: بێم بەشەق دەتتۆپێنم، پەلاماری ئەفسەرەکە دەداو هەندێکی تێ هەڵدەداو بەزۆر و بەبێ بەنزین دەری دەکاتە دەرەوە. ئەویش بەناچاری دەڵێ خۆم دەزانم چیت لێ دەکەم !!
* سێ کەس لەماڵێکی ناحیەی شۆڕش بەهۆی دەستکاری کردنی گوللەتۆپێکەوەگیانیان لەدەستدا و ٣ دیکەش بەخەستی برینداربوون. بەگوتەی ئەوانەی ئاگایان لەڕووداوەکەهەیەدەڵێن کە(ت)کوڕی (تاهیر) ویستوویەتی بەمشار گوللەتۆپێک ببڕێتەوە و بارووتەکەی ناوی بفرۆشێ ، برا گەورەکەی کەپێشتر بەکارەساتی تەقەمەنی قاچێکی لەدەستدابوو لێی توڕەدەبێ و ئەویش لەداخاندا بەردێکی گەورەدەدات بەسەر گوللەتۆپەکەداو دەتەقێتەوە، بەداخەوەخۆی و برایێک و خوشکێکی دەکوژرێن و سیانی دیکەش بریندار دەبن.